هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للديوان
مديرية الحسابات

ژمارە: ١٥٧٨
ڕێکەوت: / / ٢٧١١/٦/٢ کوردی

No:
Date: ١٩ / ٩ /٢٠١١

بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر/سلێمانی/ دهۆك/ گەرمیان/
بەڕێوەبەرایەتی پەروەرەی کەرکوك/ خوێندنی کوردی/ خانەقین/ گشت پەیمانگاکانی سەربەوەزارەت

بابەت/ ڕێنمایی فرۆشگاکان

لەگەڵ نووسراوماندا ڕێنمایی وگرێبەستی تایبەت بەفرۆشگاکان بۆتان ڕەوانە دەکەین بۆکار پێ کردنی وە گشتاندنی بەسەر پەروەردەکان وگشت پەیمانگاکاندا.

هاوپێچ/
* گرێبەست ورێنماییەکان.
* ڕێنمایی بەکرێ دانی فرۆشگاکان.

سەفین محسن دزەیی
وەزیری پەروەردە

وێنەیەك بۆ/
- نووسینگەی وەزیر.
- بەڕێوەبەری گشتی دیوان .
- گشت بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سەر بەدیوانی وەزارەت.
- بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگاکان ومەشق کردن/بۆ گشتاندن بەسەر گشت پەیمانگاکان.
- بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیاری/ بۆکاری پێویست.
- یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دیوان.
- لیژنەی باڵای فرۆشگاکان
- خولاو

هاوینە ٢٠١١/٩/١٣ لیژنەی باڵای فرۆشگاکان/ و.لطیفە

# ڕێنمایی وڕێککاری دارایی وژمێریاری داهاتی فرۆشگای قوتابخانە و خوێندنگاکان وپەیمانگاکان لە وەزارەتی پەروەردە

**ماددەی یەکەم :-**

لیژنەیەک لە دیوانی وەزارەت سالانە بە ناوی لیژنەی بالا بۆ سەرپەرشتی کردن وبەدواداچوونی فرۆشگای قوتابخانەکان کە لە چوار ئەندام پێکدێن لەلایەن وەزیری پەروەردە دیار دەکرێن وە ئەم لیژنەیە سالانە ڕێنمایی پێویست دەردەکات ٠

**ماددەی دووەم —**

لیژنەی بالا ناوبراو لە ماددەی یەکەم ژمێریارو بریاردەری لیژنە دیاری دەکەن ٠

**ماددەی سێیەم :-**

لەسەر ئاستی هەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەیەک لیژنەیەکی سەرەکی پێك دێت بۆ سەرپەرشتی کردن وبەدواداچوونی فرۆشگاکان بەسەرۆکایەتی یاریدەدەری کارگێری کەلە چوار ئەندام کەمتر نەبێ وە یەکێکیان بەڕێوەبەری سەرپەرشتیاری پەروەردەی گشتی بێت وەئەندامی ژمێریاری ویاسای تێدابێت وە دەسەلاتەکانی بریتین لە

١- سەرپەرشتی و کردنی بەدواداچوونی فرۆشگای قوتابخانەکان وڕیکخستنی چالاکییەکان وبەدواداچوونی ئیش و کارەکان وچۆنیەتی بەڕێوەبردن ودیار کردنی ئاستی نرخی فرۆشگاکانە٠

٢- دیار کردنی جۆرەکانی کەل وپەلی فرۆشتن لە فرۆشگاکان کە لەگەل مەرجە تەندروستی یەکان بگونجێن٠

٣- سەرپەرشتی کردن وبەدوا داچوونی کاروباری دارایی لە داهاتی فرۆشگاکان ٠

٤- بەدوا داچوونی ئاستەنگ و گرفتەکان ووەرگرتنی راپۆرتی لیژنەی لقی لە پەروەردەکان ٠

٥- بەدواداچوونی ئیش و کاری لیژنەی لقی لە پەروەردەکان و هاوکاری کردنیان و وەرگرتنی راپۆرتیان لە کاتی پێویست کەم تەرخەم لە لیژنە فەرعییەکان سزا بدریت ٠

**ماددەی چوارەم :- چونێتی بە کرێدان**

١- شێوازی بەکرێدانی هەر فرۆشگایەك بەشێوازی زیادکردنی ئاشکرا دەبێت وەپێشتر ئاگاداری بۆبکرێت لە پەروەردەکان ولەقوتابخانەش رۆژی زیادکردنەکە هەلواسرا بێت.

٢- هەر خوێندنگایەك لیژنەیەك بێك بینی بۆ ئەنجامدانی کاری بەکرێ دان بەسەر پەرشتی بەڕێوەبەری قوتابخانە ٠

**ماددەی پێنچەم :- أ- پێك هێنانی لیژنەیەك لە پەروەردەی قەزاكان كە پێك هاتبێت لە :-**

| | |
|---|---|
| ١- بەڕێوەبەری پەروەردە | سەرۆك |
| ٢- سەرپەرشتیارێكی كارگێری | ئەندام |
| ٣- ژمێریاری | ئەندام |
| ٤- یاسای ئەگەر نەبێت لەبەڕێوەبەری گشتی بێت | ئەندام |
| ٥- ووردبینی | ئەندام |

**ب- ئەرك و دەسەلاتەكانی لیژنەی لقی پەروەردەكان:**

١- واژوو كردن لە سەر بەڵێنكاری بەكرێدان ووەرگرتنی پارەكە بەیەكەوە لەهەمان رۆژدا.

٢- كردنەوەی تۆماری ژمێركاری بۆ زاڵ بون بە سەركاری دارایی وژمێریاری ٠

٣- دابەش كردنی داهاتی فرۆشگاكان بە پێ ی ڕێنمایی دیاری كراو

٤- ساڵانە فرۆشگاكان بە پێ ی ئاگاداریەك لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە دەردەچێت و لە راگەیاندنەكان بڵاو دەكرێنەوە وكات وشوێنی بە كرێدان دیاری دەكرێت ٠

٥- ئامادە كردنی راپۆرتی ساڵانە لە سەر چونیەتی بەڕێوەچونی كارەكان وجی بە جی كردنی رینماییەكان وەئەگەر سەرپیچی هەبو سەروی خۆیان ئاگادار بكەنەوە وپیشنیاری چارەسەر بكەن ٠

٦- سەرەڕای ئەم لیژنەیە سەرپەرشتیاری كارگێری قوتابخانە و خوێندنگاكان یەكێك لە ئەركەكانیان بریتی بیت لە بەدواداچونی فرۆشگاكان ووردبینی كردنی پسولەكانی سەرف وە ئەگەر سەرپیچی لە خەرج كردن ونرخ هەبی دەسەلاتی سزادانی هەبێت ٠

٧- ریژەی ٢٥٪ لە داهاتی فرۆشگاكان وەردەگیرێت تەنها لەو قوتابخانانە نەبێت كەبەكرێدانیان لەملیۆن یان كەمترە زیادە هیچیان لێ وەرناگیرێت( واتا دەبەخشرێن ) بۆ دابەش كردنی بەسەر ئەو قوتابخانەو خوێندنگایانەی فرۆشگایان نیە وئەم لیژنە بەرپرس دەبێت.

٨- لیژنەی بە دواداچون لە كاتی پێویست ئوتۆمۆبیلیان بۆ دابین دەكرێت وە ئەگەر نەكرا كری ی هاتن و چوونیان بۆ سەرف دەكرێت ٠

**ماددەی شەشەم : ئامانج لە بەكرێدانی فرۆشگاكان :-**

١- ئامادەكردنی خواردن و خواردنەوەی پاك وتەندروست بە نرخیكی گونجاو بۆ قوتابیان و خویندكاران٠

٢- هاوكاری كردنی قوتابییانی كەم دەرامەت وپاداشت كردنی سەركەوتوانی ئەزموونەكان و چالاكیەكانی قوتابخانە ٠

٣- پاشەكەوت كردنی برێك لە داهات بۆ نەهێشتنی كەم وكوری قوتابخانەكان وكەم كردنەوەی پاڵە بەستۆی زۆری سەر پەروەردەكان لە جێ بەجێ كردنی ئەم جۆرە داواكاریانە ٠

**ماددەی حەوتەم :**

١- هەر قوتابخانەو خوێندنگاو پەیمانگایەك كەشوێنی گونجاوی هەبێت بۆ فرۆشگا دەبێت بدرێتە مزایدە.

٢- دەستەی كارگێری وكارمەندانی قوتابخانە بۆیان نی یە فرۆشگا بەكرێ بگرن یان ببن بە شەریك لە بەر ئەوەی كاری سەرەكی خۆیان فەرامۆش دەكەن وسەرقاڵی فرۆشگا دەبن سەرەڕای چاوپۆشی كردن لەكەم و كوری فرۆشگاكانیان •

٣- ئەو قوتابخانانەی فرۆشگایان نی یە بەپێ ی ڕێژەی قوتابیانیان داهاتی فرۆشگای قوتابخانەكانی تریان پێ دەدرێت •

**ماددەی هەشتەم :- دابەش كردنی داهاتی فرۆشگاكان :-**

١ - ڕێژەی ٢٥٪ بۆ ئەو قوتابخانانەی فرۆشگایان نی یە •

٢- ڕێژەی ٧٥٪ كە دەمێنێتەوە بەم شێوەیە دابەش بكرێت •

أ- ٤٠٪ بۆ كەم و كوری قوتابخانە •

ب- ١٠٪ بۆ قوتابیانی هەژار و سەركەوتووەكان •

ت- ١٠٪ بۆ چالاكی وەرزشی •

پ- ١٠٪ بۆ چالاكی قوتابخانە •

ج- ٥٪ بۆ چالاكی پەرتوكخانە ئەگەر نەبوو بخرێتە سەر چالاكی وەرزشی •

ه- جگە لە خانی ( ب ) ئەگەر لەوبوارانەی سەرەوە هەر بڕە پارەیەك زیاد بوو لیژنەی قوتابخانە بۆی هەیە لەبوارێكی تر سەرفی بكات•

**ماددەی نۆیەم :- كردنەوەی فرۆشگای قوتابخانەكان •**

١- لە سەرەتای مانگی ( ٩ ) نۆی هەموو ساڵێكی خوێندن بۆ ماوەی یەك مانگ دەبێ فرۆشگای قوتابخانەكان بە كرێ بدرێت •

٢- دەستەی كارگێری قوتابخانە پێویستە ئاگاداری لیژنەی لقی بكات بەو كارو ئەركانەی كراوە بۆ بەڕێوەبردن و بە كرێدانی فرۆشگاكەیان یان بە كرێ نەدانی بە هەر هۆكارێك •

٣- یاریدەدەرێكی قوتابخانە و دوو مامۆستا دەكرێتە لیژنەی فرۆشگا بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەر بۆ چاودێری و خەرج كردنی داهاتی فرۆشگاكەیان بە پێ ی ڕێنمایی •

ماددەی دەیەم :-

١- ڕێژەی ٢٥٪ لە داهاتی فرۆشگای قوتابخانە و خوێندنگاکان کە بۆ قوتابخانە بێ فرۆشگاکان تەرخان کراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکانی ( ناوەند - قەزاکان ) لە ڕێگەی لیژنەی فرۆشگاکان لە هەر پەروەردەیەک بە خشتەیەکی تایبەت وەبە پێ ی ژمارەی قوتابیان بەسەر قوتابخانە و خوێندنگاکانی بێ فرۆشگا دابەش دەکرێت بە مەرجێ وێنەیەک لە دابەش کرنەکە بدرێتە ( لیژنەی بالای فرۆشگاکان لە دیوانی وەزارەت بە مەبەستی بەدواداچوون •

٢- ئەم ڕێژەیە باخچەکانی ساوایان دەگرێتەوە لەگەڵ قوتابخانەکانی ئێواران •

٣- پسولەی ( ٣٨أ ) لە وەرگرتنی پارەی داهاتی فرۆشگاکان بە کار دەهێنرێت •

٤- لە پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەت ڕێژەی ٥٠٪ بۆ پەیمانگا و ڕێژەی ٥٠٪ بۆ وەزارەت بگەڕێتەوە وەبەکرێ دانی فرۆشگا لەڕێگای لیژنەیەک کەلە پەیمانگا پێك بهێنرێت بەئامادە بوونی نوێنەری لیژنەی بالا لەوەزارەت دەبێت وئەو پەیمانگایانەی لەملیۆنێك وبەرەو خوار بەکرێ چوو ( ٥٠٪ )ی دەبەخشرێت.

٥- لە کۆی گشت داهاتی فرۆشگاکان کە بە ڕێژەی ٢٥٪ پەروەردەکانی ناوەند وەری دەگرن ڕێژەی ٥٠٪ بۆ پەروەردەی قەزاکان تەرخان بکرێت بۆ ئەو قوتابخانە و خوێندنگایانەی فرۆشگایان نیە پاش بەرزکردنەوەی داواکاری پەروەردەکان بە نوسراوی فەرمی لە ڕێگەی لیژنەی سەرەکی ڕەزامەندییان بۆ دەکرێت وە پارەکە لە پەروەردەی ناوەند وەردەگیرێت لەماوەی کەمتر لەمانگێ بەکرێ چوونی فرۆشگاکان•

٦- ڕێژەی ٥٠٪ کە ماوەتەوە لە لای پەروەردەی ناوەند بەسەر ئەو قوتابخانە و خوێندنگایان دابەش دەکرێت کە فرۆشگایان نیە و بە پێ ی ژمارەی قوتابیان •

٧- پاش ئەوەی پارەکە دابەش دەکرێت ئەگەر هیچی لێ ماوە دەبێت بەڕەزامەندی لیژنەی بالا بۆمەبەستیکی تر سەرف بکرێت کەلەم ڕێنمایی یە ئاماژەی پێ نەکراوە •

لطیف عزیز ابراهیم
ی.بەڕێوەبەری گشتی دیوان
سەرۆکی بالای لیژنە

هاوینە ٢٠١١/٩/٧

# گرێ بەست بەکرێ گرتنی کافتریای قوتابخانەکان

**لایەنی یەکەم بەرێز /**

کرێدار..............کارگێڕی قوتابخانەی ..............

**لایەنی دووەم /**

بەڵێندەر / .....................کە بە ناسنامەی ژمارە(              ) کە دەرچووە لە .......... دەناسرێت

**بابەت : بەڵێندانی بە کرێگرتنی کافتریای قوتابخانە •**

ماوەی بەڵێندان : ساڵەکی خوێندن ولەگەڵ مۆر کردنی ئەم بەڵێننامەیەدا مەبلەغی (              )
............ دینارە دەداتە لایەنی یەکەم •

پابەندەکانی لایەنی دووەم (بەڵێندەر)

**یەکەم / بەڵێندەر ئەم خالانەی خوارەوە بەوردی جێ بەجێ دەکات :**

١- ساردەمەنی وخواردنی چاك وخاوێن وبە نرخێکی گونجاو بەردەوام لە کافتریاکە دەفرۆشێت و لایەنی یەکەم بۆی هەیە ئەو شتانە قەدەغە بکات کە مەرجی تەندروستی وپەروەردەییان نیە •

٢- لایەنی دووەم پابەندە بە فرۆشتنی ئەو کەل و پەلانەی لە لیستی هاوپێچی تەندەرەکە هاتوە بەو نرخەی بەرامبەر کالاکان دیاری کراوە وە پێویستە نرخەکان لە شوێنێکی بەرچاو هەڵبواسرێت •

٣- پێویستە هێمنی بپارێزرێت وهیچ ئاژاوەیەکی وا لە قوتابخانە دروست نەکات کە کاربکاتە سەر خوێندن •

٤- پاك وخاوێنی کافتریا و ئامێرەکانی کار بپارێزێت ومەرجەکانی تەندروستیان تێدابێت •

٥- کەل وپەلەکانی قوتابخانە و خوێندنگاکان و ئەوانەی لە کافتریا بە کار دەهێنرێت بپارێزێت •

٦- کەل و پەلی پێویست لە کافتریا دادەنرێت بە رەزامەندی لایەنی یەکەم •

٧- ئەو کارمەندانەی لەگەڵ بەڵێندەرکار دەکەن مەرجەکانی تەندروستی تێیاندا هەبێت وناوی خراپیان لە دوو نەبێت •

٨- کارمەندانی کافتریا ی قوتابخانەو خوێندنگاکانی کچان پێویستە ئافرەت بن •

٩- نابێت بەڵێندەر کرێکار و قوتابیەکانی قوتابخانە و خوێندنگاکان بەردەستیان پێ بکات •

١٠- کافتریا لەگەڵ دەست پێکردنی خوێندن دەکرێتەوە لەگەڵ کۆتایی دەوام دادەخرێت •

١١- نابێت بە قەرز بفرۆشێت •

١٢- نابێت بە دزی بەکرێ بدرێت ( عقد من الباطن )

١٣- بە هیچ شێوەیەك لە قوتابخانە و خوێندنگاکانی کچان پیاو بۆی نیەلە سەر فرۆشگا کار بکات بە پێچەوانە بەرێوەبەری قوتابخانە بەرپرسە لە سەرپێچی کردن ولێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت •

١٤- بە هیچ شێوەیەك رێگە نادرێت فرۆشگا بفرۆشێتەوە بە پێچەوانە مافی فرۆشیارو کرێیار بەسەر ئەم فرۆشگایە نامێنێ.

دووەم / سزای سەرپێچی مەرجەکانی بەڵێندانەکە :

١- ئەگەر بەلێندەر سەرپێچی مەرجەکانی خالی (یەکەم ) ی کرد کارگێری قوتابخانە بۆی هەیە جاری یەکەم ئاگاداری بکاتەوە.

٢- ئەگەر بەلێندەر سەرپێچیەکەی دووبارە کردەوە لیژنەی فرۆشگای قوتابخانە ولیژنەی فرۆشگاکان بۆی هەیە بە بێ ئاگاداری کردنەوە گرێ بەستەکە هەلوەشێنێتەوە مافی وەرگرتنەوەی هیچ پارەیەکی نابێت .

پابەندەکانی لایەنی یەکەم :

١- شوێنێکی گونجاو بۆ کافتریا دابین بکات .

٢- لایەنی یەکەم بۆی نیە هاوبەش بەسەر لایەنی دووەم (بەلێندەر) بسەپێنێ.

٣- یەکسانی ودادپەروەری لە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك پەیرەو بکرێت .

| لایەنی یەکەم | لایەنی دووەم |
| --- | --- |
| مۆر | ناو |
| ناو | مۆر |
| فەرمان | ناونیشان |

تێبینی ( لایەنی دووەم ) بەرەگەزنامە یان ناسنامە دەناسرێت .